پژوهشنامه ادبیات کُردی
سال سوم، شماره ٤، بهار و تابستان ١٣٩٦
صص ۱۷۷ - ۱۹۷

# جوانیناسی و شیعری هێمن

تاریخ دریافت: ١٣٩٦/٤/٣١ – تاریخ پذیرش: ٩٦/٨/٢٤

**جەعفەر قارەمانی**[1]
ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی، مامۆستای پەروەردە، بۆکان

**کورته**
جوانیناسی هەر لە سەردەمی سوقرات و بگرە کۆنتریشەوە بە فۆرم و شێوازی جیاواز لە لایەن فەیلەسووفانی یۆنانەوە لێکدانەوەی لەسەر کراوە. بیری تێڕامان لە جوانی لە سەردەمی کلاسیکدا گەیشتە چڵەپۆپەی گەشەکردن. مێژووی سەرهەڵدانی جوانیناسی بە شێوازێکی زانستی بۆ سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. یەکەم جار فەیلەسووفی ئاڵمانی، ئەلێکساندێرکۆتلیب باوم گارتێن[2] (١٧٦٢-١٧١٤)، زاراوەی جوانیناسی[3] بەکار هێنا. ئاواز (مۆسیقا) بەشێک لە پێکهاتەی جوانیناسی و رەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعره. لە راستیدا شیعر ئاخاوتنێکی ئاوازییە و هەست و سۆز دەبزوێنێ. هێمن لە زۆربەی شیعرەکانیدا گرنگییەکی تایبەتی بە ئاوازی شیعری داوە و بە بەهرەوەرگرتن لە ئاوازی ناوەوە و دەرەوە جوانییەکی تایبەتی بە فۆرم (رواڵەت) و ناوەرۆکی شیعرەکانی بەخشیوە و دەکرێ ئەم بابەتە وەک لایەنێکی جوانیناسی لە شیعرەکانیدا بپشکندرێ و بەرجەستە بکرێت. مەبەستی سەرەکی لە شرۆڤەی جوانیناسیی شیعری هێمن ئەوەیە ئەم بابەتە وەک تاقیگەیەک چاو لێکەین و بزانین شیعرەکانی چەندە لەم بوارەدا سەرکەوتوویە؟ چەندە هێمن هزرخەیاڵاویی ئاوێتەی جوانیناسی کردووە و هەستی بەردەنگ دەجووڵێنێت؟ مەبەست لەم وتارە تەنیا ئەوە نییە بسەلمێنین شیعری هێمن بەهرەی جوانیناسیی هەیە و بەس، بەڵکوو لە روانینێکی گشتیدا سەلماندنی ئەم راستییەیە کە شاعیرانی کورد شارەزای زانستی جوانیناسی بوون. لەم وتارەدا تیشک دەخرێتە سەر بەشێک لە جوانیناسیی ئاوازی و جوانیناسیی خەیاڵی شیعری هێمن کە لە ئافراندنی وێنەی شیعریدا رۆڵی سەرەکییان هەیە. شیعری هێمن خاوەنی خەیاڵێکی بەرز، هزرێکی قووڵ، زمانێکی رەوانە و هەر ئەم بابەتانە شیعری هێمن بەهێز و دڵڕفێن دەکەن. رەوتی بەکارهاتوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، رەوشتی ئێسنادی و کتێبخانەییە، کە لە فیش‌نووسی لەسەر بابەتەکان پێکهاتووە.

**وشەگەلی سەرەکی:** جوانی‌ناسی، هێمن، ئاوازی ناوەوە، وێنەی شی‌عری

---

1- ghahjefer@gmail.com
2- Alexander Gottlieb Baumgarte
3- Aesthetics.

## ۱- سەرەتا

سروشت یەکەم سەرچاوەی جوانییە و مرۆڤ یەکەم جار لە ناو سروشتدا جوانیی ناسیوە و هۆی جووڵاندنی هەستەکانی بووە. بە درێژایی مێژوو، فەیلەسووف و بیرمەندان بە پێی ڕێبازەکانی فەلسەفی، ئایینی و هونەری ئەم چەمکەیان پێناسە کردووە و هەرکام هەوڵیان داوە لە گۆشەنیگایەکەوە ئەم زاراوەیە شرۆڤە بکەن، بەڵام هیچکام لێکدانەوەیەکی تەواویان نەخستۆتە ڕوو، ئەوەش بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە خودی چەمکی جوانی، ڕێژەیی و ناڕوونە. جوانی دوو جۆرە: یەکەم جوانیی سروشتی و دووهەم جوانیی هونەری. مەرجی سەرەکی لە جوانیی هونەریدا ئافراندنی سۆز و خۆشییە. بەردەوام بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤ، کۆمەڵگا، جۆری ژیان و بیرکردنەوە، واتای جوانیش تووشی گۆڕان دەبێ و لێکدانەوەی نوێی بۆ دەکرێ، هەر ئەو لێکدانەوانە زیندوویی،گرنگی و بایەخی جوانی دەردەخەن.

مێژووی جوانیناسی بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و یەکەم جار لای یۆنانییەکان سەری هەڵداوە. فەیلەسووفانی یۆنانی وەک هیراکلیت، دێموکریت و ئەفلاتوون رایان وا بووە کە کەرەستەی سەرەکیی هونەر، جوانییە و هونەر لاساییکردنەوەی جوانییە و چێژی جوانی لە ئاوێتەبوون و گونجانی فۆرمی کاری هونەری و جوانیی هزر بە دەست دێت. بیری تێگەیشتن و تێڕامان لە جوانی بەگشتی لە سەردەمی کلاسیکدا گەیشتە چڵەپۆپەی گەشەکردن، واتە لە نێوان سەدەکانی شەشەم و سێهەمی پێش زایین، چیرۆکەکانی هۆمیرۆس (ئەلیاد و ئۆدیسە) و چیرۆکە شیعرییەکانی (هیسیۆدووس) دەرکەوتن، بەتایبەت شیعرە عاتفییەکان و دراما و یادداشتە مێژووییەکان و هتد، بووژانەوە (احمدی، ۱۳۸۰: ۲۷؛ وزیری، ۱۳۸۸: ۱).

مێژووی سەرهەڵدانی جوانیناسی بە شێوەیەکی زانستی بۆ سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. یەکەم جار فەیلەسووفی ئاڵمانی ئەلێکساندێرکۆتلیب باوم گارتێن (۱۷۱۴-۱۷٦۲) زاراوەی "aesthetics"ی کە پێشتر واتای «باوەڕی هەستیاری» هەبوو لە کتێبێک هەر بەم ناوە بۆ ئەو لقە زانستییەی هەڵبژارد. لە ڕوانگەی گارتێن، جوانی بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕێگەی هەستەکان. زاراوەی ئەسێکتیک لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و واتای هەست یان تیۆریی هەستەکان دەگەیەنێ. وشەی "aesthetics" لە فەرهەنگی یۆنانیدا، واتە هەست. بەم پێیە

جوانیناسـی لقێکـی تایبەتییـە لـە لێکۆڵینـەوەی هەسـت و ویـژدان. دوای گارتێـن بـە چالاکیـی بیرمەندانێـک وەک کانـت و هێگێـل، جوانیناسـی وەک لقێـک لـە زانسـتە مرۆییـەکان لـە چوارچێـوەی فەلسـەفەی هونـەردا پێناسـە کـرا (احمـدی،١٣٨٠: ٢٧؛ وزیـری، ١٣٨٨: ١).

شـاعیران و نووسـەران گرنگـی و بایەخـی زۆر بـە لایەنـی جوانیناسـیی بەرهەمەکانیان دەدەن و تەنانـەت هەنـدێ جـار بەرهەمەکانیـان تەنیـا لـە پێنـاو پێشکەشـکردنی جوانی و جوانیناسـییە، چونکـە لـە نـاو دونیـای هونـەر و ئەدەبـدا (ئێسـتاتیکا- جوانیناسـی) ئامانجێکـی پیـرۆزە. هەمـوو هونەرمەندێـک بـە شـوێن جوانیـدا هەڵوەدایـە (عومـەر مسـتەفا، ٢٠٠٩: ٢١-٢٢).

یەکێـک لـەو کەرەسـتانەی کـە لـە ئافراندنـی جوانیـدا رۆڵـی سـەرەکیی هەیـە «زمـان»ە. زمـان لـە بەسـتێنی شـیعر و لـە جەسـتەی دەقێکـی شـیعریدا بـە ئیلهامێکـی سـیحراوی بەرجەسـتە دەبـێ. شـیعر، دەربـڕی هەمـوو ئـەو هەستونەسـت و سـۆز و خەیاڵانەیـە کـە لـە ناخـی شـیعرێکدا پەنگـی خواردۆتـەوە و بـە زمانێکـی خەیـاڵاوی و هونـەری دەردەبـڕدرێ. شـیعر ئـەو دونیـا خەیاڵاوییەیـە کـە لـە ناخـی شـاعیرەوە هەڵدەقوڵـێ و لـە فۆرمـی وشـە و لـە بەسـتێنی زمانـدا دێتـە رسـکان. ئامانجـی سـەرەکیی شـاعیر لـە شـیعرەکانیدا نواندنـی لێهاتوویـی لـە ئافراندنـی جوانـی و یاریکـردن بـە وشـە و بەکارهێنانـی زمانێکـی تایبەتـی پڕ لـە هێـما و وێنـەی شـیعرییە. ئەرکـی شـاعیر بەرزکردنـەوەی زمـان لـە شـێوە گشـتییەکەیەوە بـۆ دەنگێکی تایبەتییـە کـە لـە رێـگای جیهانبینـی و بەهـرەی خۆیـەوە لـە رێکتریـن و کاریگەرتریـن شـێوەدا وێنـا دەکـرێ و دەبێتـە هـۆی بەرهەمهێنانـی نیشـانە و دەنـگ و ئاوازەکانـی بـە شـێوەیەکی نـاوازە.

لـە شرۆڤـەی هونـەردا، شـیعر هونـەری کەلامییـە و بەهـۆی ئـەوەی لـە چوارچێـوەی زمانـدا ئاراسـتە دەکـرێ زیاتـر لـە هونەرەکانـی تـر پەیوەندیـی بـە گوێگـرەوە هەیـە و کاتێـک ئاوێتـەی جوانـی دەبـێ، دەتوانـی گوێگـر بـە جۆرێـک قەناعەتـی دەروونـی بگەیەنـێ. ئـەدگار ئالیـن پـۆ لـە شرۆڤـەی شـیعردا دەڵێت: «شـاعیر بـە چاکـە و خراپە یـان دزێـوی کاری نییـە، تەنیـا جوانییـە مێشـکی دەتەنـێ. ئەرکـی شـاعیر گەیشـتن بـە جوانییەکـی بەربـڵاوە کـە جوانیـی دونیـا شـەبەقێک لـەوە» (پورنامداریـان،١٣٨١: ٢٠).

ئەگەرچـی زمـان لای مـرۆڤ هـۆکاری پەیوەندیکردنـە و هەمـوو تاکێـک تێیـدا

هاوبەشن، بەڵام زمان لە شیعردا جگە لەوەی هۆکارە، ئامانجیشە. زمان، کەرەستەی سەرەکیی شیعرە و یەکێک لە پێکهاتە و رەگەزەکانی وێنەی شیعری یان وێنەی هونەرییە. زمانی ئەدەبی بە هەر شێوازێک بێ لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی رەوانتر و جوانترە، ئەمەش بەشێکی بەهۆی رازەکانی رەوانبێژییە و بەشەکەی تریشی بەهۆی توخم و پێکهاتەکانی وێنەی هونەرییە کە گەرم-وگوڕی و جوانی بە زمان دەبەخشن، بەهۆی ئەو هەموو سۆز و خەیاڵەی کە ئاوێزانی زمان دەبن. زمان بەم شێوەیە دەبێتە جلوبەرگ بۆ هزری ناو پەیامی هۆنراوە (سلیوە عیسی، ۲۰۰۹: ٤١-٤٣).

ئەوەی کە جوانی چۆن بەدی دێت و شرۆڤەکار و رەخنەگر بە چ پێوانەیەک دەبێ هەڵیسەنگێنن، لەو پرسیارانەیە کە کەمتر وەڵام دراونەتەوە. هەڵسەنگاندنی شیعر بەتایبەت لە رووی جوانییەوە وەک بەراوردی شتێکی شیاوی پێوان نییە کە بکرێ بە کەرەستەیەکی تایبەتی هەڵبسەنگێنرێ. زۆرێک لەو بۆچوونانەی کە لەسەر جوانی لە ئارادان زەوقی و سەلیقەیین، بۆیە زەوقیش لە لایەک یاسایەکی تایبەتی و روونی نییە، و لە لایەکی کەوە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازیی هەیە. لارنێس پرین بە یەکێک لە بەناوبانگترین شێوەکانی ئەزموونکراوی ئەدەبی ئاماژە دەکات و دەڵێ: «دەکرێ هەر توخمێک لە شیعردا تەنیا بەو سەردێڕە کە ئاخۆ توانیوێتی شیعر بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی یارمەتی بدات، هەڵسەنگێنین. هەروەها دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لە شیعردا لەو رووەوە کە ئاخۆ ئەو توخمانە (توخمی شیعری) دەست بە دەستی یەکیان داوە و کۆمەڵێکی تەواویان خوڵقاندووە یان نە داوەری بکەین» (پرین، ۱۳۷۳: ۱۰۳). کالرێج هەر لەسەر ئەو بۆچوون و بنەمایە، جوانیی شیعر لە دەرەنجامی جوانیی تەواو توخمە پێکهێنەرەکانی دەزانێ و دەڵێ: «لە شیعردا چێژێکی کە لە تەواوی بەرهەم بە دەست دێت، لەگەڵ چێژێکی کە لە هەرکام لە بەشە جیاکانی شیعر وەردەگیرێ، گونجاوە و تەنانەت لەوێشەوە سەرچاوە دەگرێ و دێتە ئافراندن» (دیچز، ۱۳۷۳: ۱۷۳). کەوایە دەکرێ ئەم بۆچوونەمان هەبێ و بڵێین کە جوانیی شیعر ئاکام و بەرهەمی جوانیی تەواو توخمە پێکهێنەرەکانی وەک فۆرم و ناوەرۆک و بە واتایەکی تر، بێژە و واتایە.

توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنەرەی جوانیی شیعر بریتین لە: ۱. جوانیی دەرەوە (فۆرم یان رواڵەت)، ۲. جوانیی ناوەوە (ناوەرۆک)، ۳. جوانیی رێکوپێکی.

جوانیــی دەرەوە لــە ســێ توخــم و بــەش پێکهاتــووە: ئەلــف. جوانیــی زمــان، ب. جوانیــی ئــاوازی، ج. جوانیــی خەیاڵــی.
جوانیی ناوەوە، بریتییە لە: ئەلف. سۆز، ب. هزر، ج. واتا.
لــەم وتــارەدا تیشــک دەخرێتــە ســەر بەشــێک لــە جوانیناســیی ئــاوازی و جوانیناســیی خەیاڵــی کــە لــە رازاندنــەوە و ئافراندنــی وێنــەی شــیعری لــە شــیعرەکانی هێمــن‌دا رۆڵــی ســەرەکییان هەیــە.
هێمــن بەهــۆی هەســتیاربوونیەوە زۆربــەی گۆڕانــکاری و بەســەرهاتەکانی نیشــتمان و زێدەکــەی دەکاتــە هەوێنــی شــیعر و وێنــەی شــیعریی نوێــی پــێ خوڵقانــدوون. بەشــێک لــە وێنەکانــی شــیعری لــە دیوانــی هێمــن ئاوێنــەی دۆخــە جیاوازەکانــی کۆمەڵگایــە و هــەر بــەم پێیــە دەکــرێ خوێندنەوەیــەک بــۆ گۆڕانکارییەکانــی ئــەم ســەردەمە لــە رووی ناوەرۆکــی شــیعرەکانی بکــرێ. خوێنــەر بــە رۆچوونــی بــە ناواخنــی شــیعرەکانی هێمــن‌دا دەتوانــێ بــە زۆرێــک لــە راســتییەکانی مێژوویــی، کۆمەڵناســی،کەلتووری، سیاســی و داب‌ونەریتەکانــی کۆنــی کــوردەواری ســەردەمی شــاعیر بــگات.
ئــەم وتــارە لــە روانگــەی زانســتی جوانیناســییەوە دەڕوانێتــە شــیعری هێمــن و پاشــان بــە پشت‌بەســتن بــە مێتــۆد و شــێوازی زانســتی جوانیناســی چەنــد دێڕێکــی گوڵبژێــر لــە دیوانــی هێمــن تاوتــوێ دەکات. مەبەســت لــەم وتــارە تەنیــا ئــەوە نییــە بســەلمێنین شــیعری هێمــن بەهــرەی جوانیناســی هەیــە و بــەس، بەڵکــوو لــە روانینێکــی گشــتیدا دەرخــەری ئــەم راســتییەیە کــە شــاعیرانی کــورد شــارەزای کاریگەریــی زانســتی جوانیناســـی بەتایبــەت جوانــکاری و روونبێــژی لەســەر رواڵــەت و ناوەرۆکــی وتــەی ئەدەبــی بــوون، بۆیــە بــەو پــەڕی تێگەیشــتوویی بەهرەیــان لــەم زانســتانە بــۆ رازاندنــەوەی شــیعر و ئەدەبــی کــوردی وەرگرتــووە. لێکدانــەوەی شــیعری هێمــن لــە روانگــەی جوانیناســییەوە، بابەتێکــی درێژخایەنــە، لــەم وتــارەدا تەنیــا بەشــێک لــەم زانســتە بەربــڵاوە لێکدانــەوەی لەســەر دەکــرێ.

**٢- تەوەری یەکەم: جوانیناسیی دەرەوە (ئاوازی ناوەوە و دەرەوە)**

لــە زاراوەی ئەدەبیــدا بــە رازاندنــەوەی وتــەی پــاراو و رەوان لــە شــیعر و پەخشــاندا، جوانــکاری دەڵێــن. زانســتی جوانــکاری بەشــێک لــە زانســتی رەوانبێژیــی ئەدەبییــە و لــە دوو بەشــی ســەرەکیی جوانکاریــی بێژەیــی و جوانکاریــی واتایــی پێکهاتــووە.

بە واتایەکی دیکە، زانستی جوانکاری کۆمەڵێک تەڵەکەیە وتەی ئاسایی دەکاتە وتەی ئەدەبی یان وتەی ئەدەبی بە ئاستێکی بەرزی ئەدەبی دەگەیەنێ. بە وشەیەک یان چەند وشە لە دێڕ یان رستەدا کە پێکهێنەری ئاوازی دەنگی (فونێتیک)ی وتەن یان ئاوازی دەنگیی دێڕ یان رستە بەهێزتر دەکەن، جوانکاریی بێژەیی دەڵێن. بە واتایەکی تر، رازەکانی بێژەیی بەو رازانە دەڵێن بەدیهێنەری جوانی و رازێنەرەوەی رواڵەتی وتەن. زۆرجار بە بەهرە وەرگرتن لە رازەکانی بێژەیی، وتەیەکی ئاسایی شێواز و فۆرمی ئەدەبی دەگرێ یان بایەخی ئەدەبی بەهێزتر دەبێ.

لە جوانکاریی بێژەییدا، مەبەست ئەوەیە بزانین هەندێ جار جوانیی وتەیەکی ئەدەبی بەهۆی پەیوەندیی زۆری دەنگی و ئاوازی بەینی وشەکانە، واتە ئەو ئاڵقە نەدیتراوەی وشەکان بەیەک گرێ دەدا و پێکهاتەی ئەدەبی دروست دەکات، ماهییەتی دەنگی و ئاوازیی هەیە. رۆڵی جوانکاریی بێژەیی، سەرجەم لە کن یەک دانانی ئەو وشانەیە کە بزوێن و نەبزوێنەکانیان بە تەواوی وەک یەکن یان پەیوەندی رێژەییان هەیە. جوانکاریی واتایی، لێکدانەوەی تەڵەکەیەکە ئاوازی واتایی بێژە بەهێزتر دەکات و راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی وتە هەیە و بێژە بە ئاستێکی بەرزی واتایی دەگەیەنێ. جوانکاریی واتایی، جگە لە رازاندنەوە و بەهێزکردنی لایەنی واتایی، تا رادەیەک کاریگەری لەسەر رواڵەتی وتەش هەیە و پەیوەندیی واتایی لە بەینی وشەکاندا پێکدەهێنێ. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر جوانکاریی بێژەیی وشەکان بەهۆی وێکچوونی هەرچی زیاتری بزوێن و نەبزوێنەکان بەیەکەوە گرێ دەدا و لە بەینیاندا پەیوەندییەکی دەنگیی هەستپێکراو دروست دەکات، جوانکاریی واتایی وەک ئاڵقەیەکی نادیارە وشەکان بە شێوازێکی هونەری بەیەکەوە دەلکێنێ و هاوڕێژەیی واتایی لە بەینیاندا پێکدەهێنێ. لە جوانکاریی واتاییدا بەگشتی شێوازێک لە شێوازەکانی هاوڕێژەیی واتایی بەینی دوو یان چەند وشە بەرجەستە دەکرێ. بەشێک لە رازە و تەڵەکەکانی پەیوەندیدار بە جوانکاریی واتایی لەگەڵ ناوەرۆک و زاتی شێوازی ئەدەبیدا پەیوەندییان هەیە، وەک: شوبهاندن، خواستن، درکە، زێدەڕۆیی و پۆشین و هتد. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نییە لەو رازانە بێبەهرە بێ. رەنگدانەوەی ئەم جۆرە رازە و تەڵەکانە لە دێڕ یان رستەدا هۆی خەیاڵاوی و وێنەییکردنی وتەیە و زمان و بێژە لە شێوازی ئاسایی دوور دەکەنەوە و بایەخی ئەدەبی و هونەری

بە رستە یان دێڕ دەبەخشن (زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی، ١٣٩٦: ٣-٥).
ئاواز «مۆسیقا» بەشێک لە پێکهاتەی جوانیناسی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعرە. لە ڕاستیدا شیعر ئاخاوتنێکی ئاوازییە و هەست و سۆز دەبزوێنێ. شیعر بە بێ ئاواز نەبووە، جا چ ئاوازی دەرەوە بێ یان ئاوازی ناوەوە. لێکۆڵەران ئاوازی شیعر بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان (جیا لە پەخشانی سەروادار) دەستنیشان دەکەن. ئاوازی شیعر لە دوو بەشی «ئاوازی دەرەوە» و «ئاوازی ناوەوە» پێکهاتووە: ١. ئاوازی دەرەوەی شیعر ئەو لایەنەی جوانیناسی دەگرێتەوە کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕووکاری دەرەوەی شیعر لەخۆ دەگرێ و بریتین لە کێش و سەروا. ٢. ئاوازی ناوەوەی شیعر کە ڕیتمی شیعر پێکدەهێنێ، لایەنێکی گرنگی شیعرە و لەگەڵ ئاوازی دەرەوەی شیعردا ئاوازی گشتیی هەڵبەست پێکدەهێنن. ئاوازی ناوەوەی شیعر بریتییە لە ئاوازی دەنگەکان و لێکدان و دووپاتکردنەوە و پاشوپێشخستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێک لە کەرەستە زمانییەکان، جۆرێک کە زۆرجار لە کێش کاریگەرتر دەبن. زۆرجار ئاوازی ناوەوەی شیعر، زمانی شیعری و ئاستی داهێنان و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات (عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٠٧-١٠٨، ١٣٠).
هێمن لە زۆربەی شیعرەکانیدا گرنگییەکی تایبەتی بە ئاوازی شیعری داوە و بە بەهرەوەرگرتن لە ئاوازی ناوەوە جوانییەکی تایبەتی بە فۆرم و ناوەرۆکی شیعرەکانی بەخشیوە و دەکرێ وەک لایەنێکی جوانیناسی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکرێت. لەم وتارەدا ئاوازی ناوەوە و چەند ڕازەیەکی پێکهێنەری ئاوازی ناوەوە لە دوو تەوەری جیاواز تاوتوێ دەکرێ.

### ٢-١- دووپات

هونەرێکە ئاوازی ناوەوە دەگرێتەوە و لە ئەنجامی دووپاتی چەند دەنگێک (بزوێن و یان نەبزوێن)، یان لە ئەنجامی ڕێکخستن و بەدوای یەکدا هاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو دێڕی شیعر جۆرە ڕیتمێکی خۆش و ئاوازێکی هەستبزوێن و جوان پێکدەهێنێ. هێمن بە بەهرەوەرگرتن لە ڕازەی دووپات و ڕازەکانی تری وەک دژیەک، بەرامبەری، هاوشێوە، دوابەسەر و هتد، ئاوازێکی خۆش و ڕەوانی بۆ ناوەوەی شیعرەکانی دروست کردووە. بۆ نموونە:

**۲-۱-۱- دووپاتی نەبزوێن**

کــە ماڵــت بــێ کەماڵــت بــۆ چییــە لــەو شــارە وێرانــە
کــە ماڵــی دەوڵەمەنــدی دی،گوڵــم نەیویســت کەماڵــی مــن

(هێمن، ۲۷۰۸: ۱۸۲)

شـاعیر لەم دێـڕەدا بەهـۆی دووپاتی نەبزوێنـی «ڵ» و رازەی هاوشـێوەی لێکدراوی بـڵاو لـە وشـەکانی «کـە ماڵـت، کەماڵـت» ئـاوازی نـاوەوەی دێڕەکـەی بەهێز کـردووە و لەگـەڵ ئـاوازی دەرەوە ئاوازێکـی گشـتی رازاوەیـان پێکهێنـاوە. دەکـرێ ئـەم دوو رازەیـە وەک لایەنـی جوانیناسـیی نـاوەوەی ئـەم دێـڕە دەستنیشـان بکـرێ.

**۲-۱-۲- دووپاتی بزوێن**

لەبــارێ، نازنینــێ، کوڵمەئاڵــێ نیــگارێ، دڵڕفێنــێ، چاوکەژاڵــێ

(هێمن، ۲۷۰۸: ۲۷۰)

لــەو دێــڕەدا، بزوێنــی «ێ» لــە وشــەکانی پێکهێنــەری ئــەم دێــڕە چەنــد جــار دووپــات بووەتــەوە و ئــاوازی نــاوەوەی دێڕەکــەی بەهێزکــردووە. دەکــرێ ئــەم رازەیــە وەک لایەنــی جوانیناسـیی نــاوەوەی ئــەم دێــڕە دەستنیشــان بکــرێ.

رۆیــی خــەو، هاتــەوە هەنگامــی ســوور جێژنەیــە، بەزمــە، زەماوەنــدە، ســوور

(هێمن، ۲۷۰۸: ۱۲۵)

لــەم دێــڕەدا، بزوێنــی نزمــی «ە» لــە وشــەکانی پێکهێنــەری ئــەم دێــڕە دووپــات بووەتــەوە و ئــاوازی نــاوەوەی دێڕەکــەی بەهێــز کــردووە و ریتمێکــی خۆشــی بــە دێڕەکــە بەخشــیوە و هەســت و ســۆزی خوێنــەر دەجووڵێنێــت.

**۲-۲- هاوشێوە[1]**

هونەرێکـی تـر کـە لـە پێکهێنانـی ئـاوازی نـاوەوە رۆڵـی سـەرەکیی هەیـە، هونـەری هاوشـێوەیە و ئـەم هونـەرە وەک توخمێکـی جوانیناسـیی نـاوەوە دەستنیشـان دەکـرێ. لـە زانسـتی جوانکاریـدا بـە دوو وشـە کـە لـە پیـت و خوێندنـەوەدا وەک یەکـن، بـەڵام لـە واتـادا جیاوازییـان هەیـە، هاوشـێوە دەڵێـن. رازەی هاوشـێوە لـە وشـە یـان رسـتەدا هاوڕێژەیـی و هارمۆنـی پێکدەهێنـێ و ئـاوازی نـاوەوەی شـیعر یـان

1 Homonoymy – Pun Paronomasia

پەخشان بەهێزتر دەکات. هاوشێوە، لەسەر نزیکی و لەیەکچوونی زیاتری بزوێن و نەبزوێنەکانی دوو وشە پێکهاتووە، بە جۆرێک وشەکان لەیەک دەچن.

کە مەرگی کاوەکانی چاک دەبینن کە جەرگی کیژەکان پڕ چاک دەبینن

(هێمن، ٢٧٠٨: ١١٥)

لەم دێڕەدا، لە بەینی دوو وشەی «چاک» هاوشێوەی تەواو هەیە. دوو وشە هاوپیتن، بەڵام لە واتادا بە تەواوی جیاوازییان هەیە. «چاک»ی یەکەم بەواتای: باش و جوان. «چاک»ی دووهەم بەواتای: درز، دادڕاوە.

دەرکی داخستوە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە

دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە

(هێمن، ٢٧٠٨: ١١٥)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا لە بەینی دوو وشەی«دەرك» هاوشێوەی لێکدراوی نزیک هەیە. دوو وشە هاوپیت و هاوبڕگە و هاوکێشن، بەڵام لە هێز (تکیە)دا جیاوازییان هەیە. جیاوازی بەینی ئەم دوو وشەیە دەکرێ وەک یەکەم هۆکاری بەهێزکردنی ئاوازی ناوەوەی ئەم دێڕە کە لایەنی جوانیناسیی بە دێڕەکە بەخشیوە، بەرجەستە بکرێ.

تەک و تەنیا بە ئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ

بە دڵتەنگی و کز و خەمناکی رادەکشێم لە سەر بەردێ

دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا

شەو و بێدەنگی چەند خۆشە، هەمیشە خۆزگە هەر شەو با بەردێ

(هێمن، ٢٧٠٨: ١٦١)

لەم دێڕەدا، لە بەینی دوو وشەی «بەر دێ، بەردێ» و «شەوبا، شەو با» هاوشێوەی لێکدراوی بڵاو هەیە. بۆ نموونە: وشەی«بەر دێ» لە باڵی یەکەمدا بۆتە دوو وشەی سەربەخۆ و جیاواز کە هەرکام واتای تایبەت بە خۆیان هەیە. جیاوازیی بەینی ئەم وشانە دەکرێ وەک بەهێزترین فاکتەر بۆ هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەدەبی و لایەنی جوانیناسیی ئەم دێڕە دەستنیشان بکرێ.

هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لە دیدارت بکەم

تا بزانی کوانێ بۆ جوانێ دڵ و دینم دەوێ

(هێمن،۲۷۰۸: ۳۵۸)

لـەم دێـڕەدا، لـە بەینـی دوو وشـەی «تاوێکـی، چاوێکـی» کـە تەنیـا لـە دوو نەبزوێنـی یەکەمـدا جیاوازییـان هەیـە، بـەڵام ئـەو دوو نەبزوێنـە تـا رادەیـەک شـوێنی دەربڕینیـان و گۆکردنیـان لـە دەم نزیکـە (هاومەخرەجـن) هاوشـێوەی موزاریـع هەیـە.

لاوی ئـازای کـوردەواری نێرەشـێری کاتـی جەنگـە
گەنجـی ئازەربایجانـی وەک پەڵنگـی تیـژ چەنـگ

(هێمن،۲۷۰۸: ۱۴۰)

لـەم دێـڕەدا، لـە بەینـی دوو وشـەی «جەنـگ، گەنـج»، هاوشـێوەی هەڵگـەڕاوەی تـەواو هەیـە. پێچەوانـە وشـەی «جەنـگ» وشـەی«گەنج»ە.

## ۲-۳- بەرامبەری

کـێ وەکـوو مـن سـارد و گەرمـی رۆژگاری چێشـتووە
گا لـە دەشـتی گەرمەسـێر و گا لـە کوێسـتانی گـەدەم!

(هێمن، ۲۷۰۸: ۲۹۳)

لـەم دێـڕەدا، لـە بەینـی وشـەکانی «سـارد،گەرم، گەرمەسـێر، کوێسـتان» هونـەری بەرامبـەری هەیـە. ئـەم وشـە دژیەکانـە ئـاوازی نـاوەوەی ئـەو دێڕەیـان بەهێز کـردووە.

گەڵێکـم رۆژگاری تـاڵ و شـیرین رابـوارد، ئاخـۆ
مـەرگ مـەودا دەدا دیسـان ببینـم سـەردەمێکی تـر!

(هێمن، ۲۷۰۸: ۳۰۱)

لـەم دێـڕەدا، لـە بەینـی دوو وشـەی «شـیرین، تـاڵ» رازەی دژیـەک هەیـە. ئـەم دوو وشـەیە واتـادژ و دژیەکـن، واتـە بوونـی یەکیـان هـۆی ڕەتکردنـەوەی ئـەوی تـرە. لـە زانسـتی جوانکاریـدا، بـەم شـێوازەی بەکارهێنانـی دوو وشـەی واتـادژ رازەی دژیـەک دەڵێـن. بەشـێک لـە لایەنەکانـی جوانیناسـیی رازەی دژیـەک روونکردنـەوە، واتـە رۆشـنگەرییە. یەکێـک لـە کەرەسـتەکانی ناسـینی دیاردەکانـی سروشـت و دونیـا بابەتـی دژیەکـە. بـۆ نموونـە ئەگـەر تاریکـی نەبوایـە رووناکـی واتایەکـی نەدەبـوو یـان ئەگـەر مـردن نەبوایـە ژیـان بێواتـا دەبـوو. کەوایـە هێـزی روونکردنـەوە و رۆشـنگەری رازەی دژیـەک زۆر بەرجەسـتە و سەرسـوڕهێنەرە. لـە لایەکـی تـرەوە،

بەهـۆی ئـەوەی کـە رازە و تەڵەکـەی دژیـەک ئـەو دەرفەتـە بـە بەردەنـگ دەبەخشـێ تـا خۆی هێـزی هەڵبژاردنـی لـە نـاو دیاردەکانـی دژیەکـی سروشـتدا هەبێ و ئاکامیشـی هەیـە، لـە رووی جوانیناسـییەوە رازەی بەرامبـەری زۆر پڕبایەخـە.

**٣- تەوەری دووەم: جوانیناسیی ناوەوە (جوانیناسیی وێنەی رەوانبێژی)**

لـەم تـەوەرەدا لایەنی جوانیناسـیی نـاوەوە، بەتایبەت جوانیناسـیی وێنـەی «رەوانبێژی» شرۆڤـە دەکـرێ. چەمکـی وێنـەی شـیعری ئامـاژە بـە "Image poetry"ی ئینگلیـزی دەکات. هەنـدێ جـار پێـی دەڵێـن «وێنـەی هونـەری»، بـەڵام وێنـەی هونـەری فرەلایـەن و فراوانـترە و هەمـوو هونـەرەکان دەگرێتـەوە. وێنـە لـە شـیعردا دەبێـت بـە خواسـتن و میتافـۆر و شـوبهاندن. لێـرەدا وێنـەی شـیعری پشـت بـە خەیـاڵ، هەسـت، ئەقـڵ و رۆشـنبیریش دەبەسـتێت. وێنـە لـە شـیعردا خەیاڵییـە و شـاعیر بـە وشـە دەیخوڵقێنـێ. خەیـاڵ، بـە واتـای جوانترکردنـی دیمەنێکـە لـە دەربڕینـی وێنـەی ئـەو سـۆزە هەڵچـووەی کـە شـاعیر لـە ساتەکانی بینینـی دیمەنێکـی جـوان و دزێـو، تراژیـدی یـان کۆمێـدی لـە ئەزموونـی خۆیـدا بەرجەسـتەی دەکات. وێنـە، بریتییـە لـە خەیـاڵ کـە ئەدیـب لـە خەیاڵـی خۆیـدا دروسـتی دەکات و بـە وشـە دەریدەبڕێـت. لە هەمـوو دۆخێکـدا خەیـاڵ بوونـی هەیـە و هەسـت و سـۆز دەورووژێنێـت (ئەحمـەد ئەسـوەد، ٢٠١٥: ٧٦).

شـاعیر بەهـۆی زمـان و هونەرەکانـی رەوانبێـژی و شێوازناسـییەوە و لەتـەک پشتبەسـتن بـە خەیـاڵ، وێنـە دەکێشـێتەوە. خەیـاڵ بەشـی دانەبـڕاو لـە پێکهاتـەی شـیعرە و شـیعر بـە رەنگدانـەوەی خەیاڵـە دەنـاسرێ. لـە رەخنـەی نوێـدا وێنـەی شـیعری گرنگیـی زۆری پـێ دراوە و وەک توخمێکـی پێکهێنـەری شـیعر پێناسـە دەکـرێ. تەنانـەت لای زانایانـی ئیسـلامییەوە شـیعر وەک «کلام مخیـل» ناسـێندراوە و پرۆسـەی خەیـاڵ و وێنـەی شـیعری بـە بنەمـای شـیعر دەستنیشـان دەکـرێ. ئـەوە کـردەوەی خەیاڵکردنـە رێگـە لـە بـەردەم شـاعیر دەکاتـەوە تـا ئـەو واتـا و گوزارانـەی کـە مەبەسـتێتی لـە وێنەیەکـی رازاوە و هونەریـدا گـەورەی بکاتـەوە و بیانخاتـە روو. وێنـەی شـیعری، بـە وشـە و لـە رێگـەی وەسـف و خـوازە و شـوبهاندن و هتـد، دەئافرێنـدرێ. بـەم پێیـە دەربڕیـن و وێنـە، یـان خـود شـێواز و وێنـە وەکـوو دوو رەگـەزی سـەرەکی لەگـەڵ نـاوەرۆک تێکـەڵاو دەبـن و یەکێتـی ئۆرگانیکـی بەرهەمـی شـیعر پێکدەهێنـن. بەمـە وێنـەی شـیعری دەبێتـە بنەمایەکـی گرنـگ لـەو بنەمـا

هونەرییانەی پرۆسەی داهێنان و ئافراندنی شیعرییان پێ کامڵ دەبێت.
دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە وێنەی شیعری دەستنیشان بکەین.
یەکەم: وێنەی وەسفی، کە لە ڕێگەی وشە و دەربڕینی راستەوخۆ پێکدێت.
دووهەم: وێنەی رەوانبێژی کە لە ڕێگەی هونەرەکانی جوانکاری و رەوانبێژییەوە دێتە بەرهەم.

هێمن وەک وێنەگرێکی پسپۆڕ بە مەبەستی جوانکردن و رازاندنەوەی شیعرەکانی، پشتی بە وێنەی شیعری بەستووە. هێمن لە ئەنجامی ژیانی پڕئازار و دەربەدەری، ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووی شیعری بە دەست هێناوە و لەو شاعیرانەیە کە خاوەنی خەیاڵ و هزرێکی داهێنەرە. وێنەی شیعری چەند جۆرە و بە بەهرەوەرگرتن لە چەند رازە و شێوازی وەک: شوبهاندن، درکە و خواستن و هتد، دروست دەبێت، شاعیر بەپێی پێویستی بارودۆخی شیعرەکەی بە ئاگایی یان بێئاگایی پێکیان دەهێنێت و لەسەر ئەم بنەما هونەرییانە شیعرەکانی دەهۆنێتەوە. لەم تەوەرەدا شرۆڤەی چەند وێنەیەکی هونەری یان شیعری دەکەین کە هەرکام بە شێوەیەک لایەنی جوانناسیی شیعرەکانی هێمن بەرجەستە دەکەن و بنەمای سەرەکیی وێنەی شیعریی هێمن دروست دەکەن.

### ۳-۱- شوبهاندن و وێنەی شیعری

شوبهاندن، بریتییە لە چواندنی شتێک یان بابەتێک بە شتێک یان بابەتێکی تر، بەهۆی بوونی ئاوڵناوێک یان چەند ئاوەڵناوی هاوبەش لە بەینی هەردوو شتەکەدا. بە واتایەکی تر، شوبهاندن چواندنی شتێک بە شتێکی ترە بەو مەرجەی ئەو چواندنە لە بنەمادا راست نەبێ و راڤە بە راستی نەکردرێ. واتە، شوبهاندن واتایەکی ئیدیعایی هەبێ. ئەوەی کە دەڵێین شوبهاندن، واتای ئەوەیە ئەو دوو شتە لە رواڵەتدا لە یەک ناچن، بەڵکوو ئەوە شاعیرە ئەو شوبهاندنە پێکدەهێنێ. بە کورتی، شوبهاندن ئیدیعای لەیەکچوونی دوو شتە.

شوبهاندن، بەشێک لە زانستی روونبێژییە و لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. شوبهاندن، وەک رازەیەکی زانستی روونبێژی، رۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی لە پێکهێنانی جوانیدا هەیە و جوانناسی بە دەقی شیعری دەبەخشێت. شاعیران بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو بە مەبەستی روونکردنەوە و جوانتر نواندنی وێنەکان شوبهاندنیان بەکار هێناوە. شوبهاندن، وەک ساکارترین

جۆری وێنەی ڕەوانبێژی پێناسە کراوە. هەرچی دووری دوو بابەت یان شتێکی کە بە یەکتر شوبهێنراون زیاتر بێ، لە دەروونی مرۆڤدا پەسەندترە و زیاتر سۆزی خوێنەر دەجوولێنێ. شیعر هەرچی سۆزدارتر بێت، زیاتر خۆی لە دیواری دڵ دەسوێت وکارتێکەریی زیاتری لەسەر بەردەنگ دەبێ و تووشی هەڵچوونی دەکات.

ئەوی سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە

چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەور و تەم نابێ

(هێمن، ٢٧٠٨: ٢٥٩)

لەم دێڕەدا، شاعیر بە بەهرەوەرگرتن لە هونەری بەرابەریی واتایی لە بەینی دوو باڵی دێڕ و ڕازەی شوبهاندنی نادیار، مرۆڤی هەستیار و ڕووناکبیری بە لووتەکی چیا شوبهاندووە و چۆن لووتکەی چیا قەت بێ هەور و تەم نەبووە، وای نواندووە کە مرۆڤی ڕووناکبیریش هزری قەت بێ تەمی دەرد و داخی کۆمەڵگای داخراو و چەوساوە نابێت. لەم دێڕەدا شاعیر ئەم بیرۆکەیەی بە قاڵکردن لە وێنەیەکی شیعری سەرکەوتوو و ئاوێتەکردنی لەگەڵ سۆز و خەیاڵ بە شێوازێکی هونەریی تاقانە ئافراندووە و دەکرێ وەک لایەنی جوانیناسیی ئەم دێڕە دیاری بکرێت کە ڕازاوەیی بە دێڕەکە بەخشیوە.

کە فرمێسکم لە سەر ڕوخساری کیژی دڵشکاو بینی

گوتم: یاخوا لە سەر سوورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر

(هێمن، ٢٧٠٨: ١٧٩)

هێمن لەم دێڕەدا بە بەهرەوەرگرتن لە ڕازەی شوبهاندنی نادیار وێنەیەکی شیعریی ڕازاوەی ئافراندووە و بەم وێنەیە هەست و سۆزی بەردەنگ دەجوولێنێ. «فرمێسکی سەر گۆنای» بە «شەونمی سەر سوورگوڵ» شوبهاندووە. (شوبهێنراو): فرمێسکی سەر ڕوومەتە. (پێشوبهێنراو): شەونمی سەر سوورگوڵە. (ڕووی شوبهاندن): گەشی، ڕوونی و سوورییە. (ئامرازیشوبهاندن) قرتێنراوە. ئەم شوبهاندنە لە زانستی ڕوونبێژیدا بە «شوبهاندنی نادیار» ناسراوە. شاعیر بە شێوەیەکی نادیار دوو شت یان بابەتی لە هەندێک تایبەتمەندیدا بە یەکتر شوبهاندووە. ئەم هونەرە دەکرێ وەک بنەمایەکی دیار و هەستپێکراو لە بەرجەستەکردنی لایەنی جوانیناسیی ئەم دێڕە دستنیشان بکردرێ.

### ۳-۲- درکه و وێنەی شیعری

لــە پێناســەی درکــەدا هاتــووە: وتەیــەک دوو واتــای هەبێــت، یەکــەم واتــای نزیــک و دووهــەم واتــای دوور. کەوایــە، ئەگــەر بێــژەر رســتەیەک وەهــا بــەکار بێنــێ کــە زەینــی بیســەر لــە واتــای نزیــک بــە واتــای دوور بــگات، لــە رازەی درکــە کەڵکــی وەرگرتــووە. بــە واتایەکــی تــر، رســتە یــان سارِســتەیەک کــە مەبەســتی شــاعیر یــان نووســەر لــە دەربڕینــی، واتــای رواڵەتــی نەبــێ و قەرینەیــەک کــە ســەرنجی خوێنــەر لــە واتــای رواڵەتــی بــۆ واتــای نهێنــی رابکێشــێ نەبێــت. کەوایــە درکــە یەکێــک لــە هەســتیارترین بابەتەکانــی زمانــە و زۆرجــار خوێنــەر مەبەســتی ســەرەکیی بێــژەری بــۆ روون نابێتــەوە. بــەم پێیــە تەنیــا ئــەو تاکانــەی کــە شــارەزاییەکی تەواویــان بەســەر زمانێکــدا هەبــێ، دەتوانــن لــە واتــای درکەکانــی تایبــەت بــەو زمانــە بگــەن و فامــی بکــەن. بــە واتایەکــی تــر، درکــە وشــە، سارِســتە یــان رســتەیەکە بێــژەر بــە شــێوازێک دەریببــڕێ کــە مەبەســت لــە دەربڕینــی واتــای رواڵەتــی نەبێــت و مەبەســتی ســەرەکیی واتــای نهێنــی بێــت. کەوایــە واتــای رواڵەتــی هێمایەکــە بــۆ گەیشــتن بــە واتــا و مەبەســتی راســتەقینە لــە دەربڕینــی وشــە یــان رســتە. درکــە هونەرێکــی رەوانبێژییــە بەشــداری لــە ئافراندنــی وێنــەی شــیعری دەکات.

درکــە، بــە وشــە، دەســتەواژە یــان رســتەیەک دەڵێــن کــە شــاعیر یــان نووســەر جۆرێــک بــەکاری دەهێنــێ کــە مەبەســتی واتــای رواڵەتــی وتــە نەبــێ و ئامانجــی لــە وتــە، واتــا نهێنییەکــەی بێــت. رازەی درکــە، دوو واتــای دوور و نزیکــی هەیــە. بوێــژ جۆرێــک بــەکاری دەهێنــێ کــە بەردەنــگ لــە واتــا نزیکەکــەوە زەینــی بــۆ واتــا دوورەکــە بــڕوات. لــە درکــەدا واتــای رواڵەتــی پردێکــە بــۆ گەیشــتن بــە واتــا و مەبەســتی راســتەقینەی نووســەر (ئەحمــەدی،۱۳۹۳: ۱۵).

مەبەســتی ســەرەکیی بەهرەوەرگرتــن لــە رازەی درکــە ئەوەیــە کــە ئــەو واتایــەی لــە رێگــەی درکــە بەرجەســتە دەکرێــت، کاریگەرتــر، بەهێزتــر و رەوانتــرە لــەو واتایــەی کــە بــە شــێوازی دروســت و راســتەوخۆ دەردەبــڕدرێ. ســوودوەرگرتن لــە هونــەری درکــە بــە بێــژەر ئــەو دەرفەتــە دەبەخشــێ تــا زۆر واتــا کــە لــە بــاری ئاســاییدا مەجالــی دربڕینــی بەهــۆی شــەرم یــان تــرس و هــەر هۆیەکــی تــرەوە نەبــێ دەربــڕدرێــت. زۆرێــک لــە واتــاکان ئەگــەر بــە شــێوازی ئاســایی ئاخاوتــن دەرببــڕدرێــن زۆر چێــژ بــە بەردەنــگ نابەخشــن، بــەڵام ســوود وەرگرتــن لــە مێتــۆدی درکــە دەربڕیــن تــا رادەیەک دڵڕفێــن و کارتێکــەر دەکات. درکــە واتــاکان بــە شــێوازی هونــەری دەگەیەنــێ و ئــەم

تایبەتمەندییەش بێگومان لە هونەری ڕەوانبێژییەوە سەرچاوە دەگرێ و چێژ و خۆشی بە بەردەنگ دەبەخشێ. لە ژانرە ئەدەبییەکاندا درکە لە شیعر و پەخشان، مەتەڵ و پەندی پێشینیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بەکار هاتووە.

### ۳-۲-۱- جوانیناسیی درکە

درکە ڕازەیەکی زانستی ڕوونبێژییە، کەسێک خاوەن هەستێکی ناسک و سەلیقەیێکی بەرین نەبێ، ناتوانێ بەرهەمی بێنێ. نهێنی لە ڕەوانبێژیی ئەم هونەرە ئەوەیە وێنەی جۆراوجۆر و ڕاستەقینەت بە بەڵگەوە پێشکەش دەکات. ئەمەش بێگومان لە تایبەتمەندییەکانی هونەر دەژمێردرێ. لە ڕازەی درکەدا شتێک لە لایەن شاعیرەوە ناڕاستەوخۆ زەق دەکرێتەوە کە خوێنەر بیری بۆی ناچێ، بەم هۆیە گەیشتن بە واتای سەرەکی سەرسوڕهێنەرە و چێژ دەبەخشێت کە بە هەمان شێوە چێژ و جوانی لە شێوەی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی وشەکاندا دروست نابێت.

ئەو واتایەی بە بەهرەوەرگرتن لە درکە دروست دەبێ، کاریگەرتر و بەهێزترە لەو واتایەی لە کۆمەڵێک وشە دروست دەبێ و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخرێتە ڕوو. شاعیر یان نووسەر بە بەهرەوەرگرتن لە هونەری درکە دەتوانێ ئەوی ناخی دەجووڵێنێ دەریببڕێ، بەتایبەت ئەو شتانەی لەبەر شەرم یان ترس و هەر هۆیەکی تر ناتوانێ بیدرکێنێ.

نەیانهێڵم دەبێ لەو سەرزەمینە لە شانم دادڕم ئەو پینە شینە
(هێمن، ۲۷۰۸: ۶۱)

لەم دێڕەدا، هێمن لە ڕێگەی هونەری درکەوە وێنەیەکی شیعری دروست کردووە. ڕستەی «پینە لە شان دادڕین» درکەیە لە «ڕیسواکردن و عەیب لە سەر شان لابردن». ڕازەی درکە لەم دێڕەدا بەهێزترین لایەنی جوانیناسییە و زمانی لە دەربڕینی ئاسایی دوور کردووە.

گوتی ئێوارە بازاڕێ وەرە ماچت دەمێ نەمویست
هەڵۆی کویستانی کوردستانم و ناژیم بە دەستەندە

(هێمن، ۲۷۰۸: ۲۸۶)

لەم دێڕەدا، هێمن لە ڕێگەی هونەری درکەوە وێنەی شیعری دروست کردووە. سارستەی «بە دەستەندە ژیان» درکەیە لە «نان بە منەت خواردن».

هێمـن بـە کەڵکوەرگرتـن لـە رازەی درکـە هەسـت و سـۆزی خوێنـەر دەورووژێنێـت و چێژێکـی خۆشـی پـێ دەبەخشـێت.

لەوێـش هـەر سـەربزێوی باسـی سـەر بـوو
لەوێـش دنیـا بـە کەیفـی بێهونـەر بـوو

(هێمن، ٢٧٠٨: ٥٩)

لـەم دێـڕەدا، هێمـن لـە رێگـەی هونـەری درکـەوە وێنـەی شـیعریی دروسـت کـردووە. سارِسـتەی «باسـی سـەر بـوون» درکەیـە لـە «مەترسـی تێداچـوون». رازاندنـەوە و بەهێزکردنـی واتـا بـە کەڵکوەرگرتـن لـە هونـەری درکـە لایەنـی جوانیناسـیی ئـەم دێـڕەی بەرجەسـتە کـردووە.

### ٣-٣- مرۆڤاندن[1]

بـە رەپاڵدانـی ئـاکار و تایبەتمەندیـی مرۆیـی بـە گیانلەبەرانـی تـری سروشـت و وەک مـرۆڤ نواندنیـان، مرۆڤانـدن دەڵێـن. بـە واتایەکـی تـر، مرۆڤانـدن بریتییـە لـە رەپاڵدانـی تایبەتمەنـدی و هەسـت و سـۆز و جموجۆڵـی مـرۆڤ بـە پێکهاتەکانـی تـری سروشـت. رازەی مرۆڤانـدن لـە زانسـتی روونبێژیشـدا تاوتـوێ کـراوە، بـەڵام لـە زانسـتی جوانکاریـدا وەک رازەیەکـی جوانکاریـی واتایـی لێکدانـەوەی لەسـەر دەکـرێ، ئـەم رازەیـە شـێوازێکە بـۆ رازاندنـەوەی وتـە و ئافراندنـی وێنـەی هونەریـی جـوان و رازەوە کـە هەسـت و سـۆزی خوێنـەر دەجوولێنـێ. ئـەم رازەیـە شـێوازێکە بـۆ رازاندنـەوەی وتـە و بەدیهێنانـی وێنـەی هونەریـی جـوان کـە هەسـت و سـۆزی خوێنـەر دەجووڵێنێـت. هێمـن وەک شـاعیرێکی بەئەزمـوون لـەم جـۆرە بنیاتـی وێنەدا دەسـتڕەنگینی و لێهاتوویـی خـۆی سـەلماندووە. بـۆ نموونـە لـەم وێنەیـەدا:

وەکـوو ئاواڵـی چـاک ئەسـتێرەکان گـوێ رادەدێـرن بـۆم
هەتـا بۆیـان بەیـان کـەم مووبەمـوو رازی دەروونـی خـۆم

(هێمن، ٢٧٠٨: ١٦١)

لـەم دێـڕەدا، شـاعیر کـردەوەی مرۆڤانـەی وەک «گوێڕادێـری»ی رەپـاڵ ئەسـتێرە داوە و بـەم رەپاڵدانـە وێنەیەکـی هونەریـی جوانـی ئافرانـدووە. ئـەم رازەیـە شـێوازێکە

1- **Personification**

بـۆ خوڵقاندنـی جوانیـی وتـە و دوورکردنـەوەی وتـە لـە زمـان و دەربڕینـی ئاسـایی. مرۆڤانـدن، بـە پێکهێنانـی وێنـەی هونەریـی جـوان و رازاوە هەسـت و خۆشـی بـە بەردەنـگ دەبخشـێت.

## ٣-٤- چاولەیەک

ئاشـقی چـاوی کـەژاڵ و گەردەنـی پڕخـاڵ نیـم
ئاشـقی کێـو و تـەلان و بەنـدەن و بـەردم ئەمـن

(هێمن، ٢٧٠٨: ٨٩)

لـەم دێڕەدا، لـە بەینـی وشـەکانی: «کێـو، تـەلان، بەنـدەن و بـەرد»، کـە بەشـێک لـە پێکهاتـەی سروشـتیی چیـان و بـە تـەواوی پێکدەخـۆن، رازەی چاولەیـەک هەیـە. لــە رازەی چاولەیەکـدا بەهـۆی ئـەوەی جۆرێـک هاوئاهەنگـی و رێکوپێکـی لـە نێـوان چەنـد بابەتێـک بەرجەسـتە دەکـرێ، خوێنـەر هەسـت بـە خۆشـی دەکات و جۆرێـک ئـاوازی نـاوەوە دروسـت دەبـێ. دیتنـەوەی پەیوەنـدی و هاوئاهەنگیـی نێـوان دیـاردەکان جوانتریـن و خۆشـترین سـۆزی تێدایـە. لـە زانسـتی جوانکاریـدا، بـە کۆکردنـەوە و ریزکردنـی دوو یـان چەنـد بابەتـی هاوڕەگـەز لـە دێڕێکـی شـیعردا کـە پێکدێـن و بـە یەکـتری دەخـۆن، رازەی چاولەیـەک دەڵێـن.

## ٣-٥- تێلنیشان

شـێخی سـەنعان بـۆ کچـی گاور لـە ئیسـلام وەرگـەڕا
مـن خەریکـم بـۆ کچـە شـێخێ پەژیـوان ببمـەوە

(هێمن، ٢٧٠٨: ٣٣٧)

لـەم دێـڕەدا، تێلنیشـان بـە چیرۆکـی شـێخی سـەنعان کـراوە کـە بـۆ کچـە گاورێـک لـە ئیسـلام وەرگـەڕا. لـە ئەدەبـی فارسـی و کوردیـدا لـە شـیعری زۆربـەی شـاعیران ئـەم تێلنیشـانە ئامـاژەی پـێکـراوە. جوانیـی رازەی تێلنیشـان لـەو چەنـد بابەتـەدا کـورت دەکەینـەوە: هونـەری تێلنیشـان لـە شـیعر و پەخشـاندا پەیوەندیـی نێـوان بابەتـی سـەرەکی و چیـرۆک پێـک-دەهێنـێ. لـە رازەی تێلنیشـاندا، تەنیـا بـە وشـە یـان سارسـتەیەک چیرۆکێـک یـان بەسـەرهاتێکی مێژوویـی وەبیـر دێتـەوە. ئـەم جـۆرە هونـەرە زۆر هەسـتبزوێنە و لـە کەمتریـن کات و بـە کەمتریـن وشـە

بەسـەرهات یـان رووداوێکـی تـاڵ یـان شـیرین کـە هـۆی وروژاندنـی سـۆزی مرۆییـە، وەبیـر دێتـەوە و دەسـەڵاتی شـاعیری دەسـەلمێنێ و کاریگەریی جوانیناسـیی ئـەم هونـەرە دەردەخـات. ئەگـەر لـە رازەی تێلنیشـاندا نادیارێـک بـۆ روونکردنـەوە هەبـێ و پێویسـت بـە وردبوونەوەیەکـی زۆری زەینـی بـێ و پاشـان چیـرۆک وەبیـر بێتـەوە، ئـەوە گومانێکـی تێـدا نییـە ئـەم جـۆرە تێلنیشـانە، جوانتریـن تێلنیشـانە.

### ٣-٦- کۆکردنەوە و لێککردنەوە

بزانـە تـۆ ئـەوی ئەهلـی هونـەر بـێ     دەبـێ یا دەس بەسـەر یا دەربـەدەر بـێ
(هێمن، ٢٧٠٨: ١٥٧)

لـەم دێـڕەدا، سارِسـتەی «ئەهلـی دڵ»، رازەی کۆکردنەویـە و سارِسـتەی «دەس‌بەسـەر یـان دەربـەدەر»، ئامـاژە بـە رازەی لێککردنـەوە دەکات. سـەرەتا بـە شـوبهاندنی نادیـار، دوو شـت یـان بابـەت لـە گـەڵ یـەک لـە ئاوەڵناوێکـی ئیدیعاییدا کـۆ دەکەنـەوە و پاشـان لـە بەینیانـدا جیـاوازی دادەنێـن. لـە زانسـتی جوانکاریـدا بـەم رازەیـە کۆکردنـەوە و لێککردنـەوە دەڵێـن (همایـی، ١٣٦٣: ٢٨٤؛ شمیسـا، ١٣٧٨: ٧٩).

### ٣-٧- پەندومەتەڵۆک

چڵکـی دەسـتە ماڵـی دنیـا" وەک دەڵێـن     ماڵپەرسـت پەیمانشـکێە و بێ‌بەڵێـن
(هێمن، ٢٧٠٨: ٢٧٩)

لـەم دێـڕەدا، ماڵـی دنیـا چڵکـی دەسـتە و ماڵ‌پەرسـت پـەیمانشکێنە. ئـەو رسـتەیە ئامـاژە بـە بێ‌بایەخیـی ماڵـی دونیـا و جێـی متمانـە نەبوونـی بەڵێنەکانـی ماڵ‌پەرسـت دەکات. ئـەم دێـڕە، رازەی جوانکاریـی پەندومەتەڵۆکـی هەیـە. لـە زانسـتی جوانکاریـدا رازەی پەندومەتەڵـۆک بـەم جـۆرە پێناسـەکراوە: نووسـەر یـان شـاعیر ئامـاژە بـە وتەیەکـی بەنـرخ بـکات، پاشـان لـە داهاتـوودا وتەکـەی ببێتـە پەنـد و بـۆ ئامـۆژگاری کەڵکـی هەبـێ. جوانیـی ئـەم رازەیـە لـەو بابەتەدایـە کـە لـە رووی واتـاوە وانـەی مەعریفـی جـوان و بەهێـز پێشـکەش دەکات و نهێنیـی زیاتـر لـەو واتایـە بەرجەسـتە دەبـێ. رازەی پەندومەتەڵـۆک، ناڕاسـتەوخۆ بەردەنـگ فێـری بەڵگـەی ئەقڵـی و نەقڵـی و ئەزموونـی تایبـەت و تێگەیشـتن لـە دیـاردە و

تایبەتمەندییەکانی واقیع دەکات.

**٣-٨- تێکهەڵکێش**

کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر رەوا     چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا
"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش     باز جوید روزگار وصل خویش"
(هێمن، ٢٧٠٨: ٢٨٣)

لەم شیعرەدا، هێمن بۆ پێداگری لە واتای سەرەکیی شیعر، کەڵکی لە رازەی تێکهەڵکێشی ناڕوون گرتووە. لە زانستی جوانکاریدا تێکهەڵکێش بەم جۆرە پێناسەکراوە: شاعیر راستەوخۆ باڵ یان دێڕ یان شیعری شاعیرێکی تر لە ناو شیعری خۆی کە هاوکێش و هاوسەروایە بهێنێ. لە رازەی تێکهەڵکێشدا مەرجە باڵ یان دێڕ یان شیعری ئەمانەتی (تێکهەڵکێش‌کراو) وەها ناسراو بێ کە هۆی دوودڵی و بۆنی دزی لێ نەیێ. تێکهەڵکێش دوو جۆرە: ١. تێکهەڵکێشی روون: شاعیر راستەوخۆ ئاماژە بە ناو یان نازناوی شاعیرێک کە شیعری لێ تێکهەڵکێش کردووە بکات. ٢. تێکهەڵکێشی ناڕوون، شاعیر ئاماژە بە ناو یان نازناوی شاعیرێک کە شیعری لێ تێکهەڵکێش کردووە نەکات. هۆی سەرەکیی نەدرکاندنی ناوی شاعیر، ناسراویی شیعرێکە کە تێکهەڵکێش کراوە. ئەم تێکەڵاوی و ئاوێتەکردنی شیعری دوو شاعیرە سۆز و چێژێکی خۆش بە خوێنەر دەبەخشێ و لایەنی جوانیناسیی ئەو شیعرەی بەرجەستە کردووە.

**٤- ئەنجام**

بە لێکدانەوەی بەشێک لە لایەنەکانی جوانیناسیی شیعری هێمن (کە مشتێک لە خەرمانێ بوو) بۆمان دەرکەوت، هێمن بە بیری ناسک و سۆز و سروشتی مرۆڤانە و بەهرەوەرگرتن لە رازەکانی رەوانبێژی، بەتایبەت جوانکاری، وێنەگەلێکی شیعری تاقانەی ئافراندووە کە لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا هۆی هەرمانێتی.

شیعری هێمن تێکەڵاوی خەیاڵێکی رازاوە، هزرێکی داهێنەر، هەستێکی ناسک و زمانێکی پاراوە. وێنەی هونەری لە شیعرەکانیدا قاڵبووی خەیاڵن. جۆری ژیانی پڕ لە ئازار، ئەزموونێکی سەرکەوتووی شیعری پێ بەخشیوە.

لە شیعری هێمندا زۆرجار وێنەی شیعری وێنەیەکی راستەقینەیە و لە دیمەنی ناوچەی رەنگاوڕەنگی موکریان سەرچاوە دەگرێ و ئەم دیمەنە وەک خۆی رەنگین دەنوێنێ. لە شیعرەکانیدا نواندوویەتی لە ناسین و ناساندنی سروشتی کوردستان و جوانییەکانیدا چەندە شارەزا و پسپۆڕە. لەگەڵ سروشت گەورە بووە و لە سروشتیش ئیلهامی وەرگرتووە.

هێمن لەو دەگمەن شاعیرانەیە بە شێوەیەکی گونجاو و لۆژیکی توانیویەتی یەکێتی فۆرم و ناوەرۆک لە شیعرەکانیدا بپارێزێ و تەنانەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سیاسەت، نەداری، نەخوێندەواری و زۆرداری و هتد، وەها لەگەڵ دیاردە رۆحی و دەروونییەکانی وەک ئەوین و خۆشەویستی، مەرگ و ژیان و هتد، ئاوێتە بکات کە بەردەنگ تاموچێژی تایبەت بە خۆی لێ هەڵێنجێ. زۆرجار وێنەکانی شیعری لە هۆنراوەکانی هێمندا، خەیاڵییە و هۆی وروژاندنی هەست و سۆز دەبێت و زۆرجار لە وێنەیەکی خەیاڵی خوێنەر دەجووڵێنێت و دەیباتە ناو کەشێکی راستەقینە و جوان.

هێمن وەک وێنەگرێکی پسپۆڕ زۆربەی شیعرەکانی بە وێنە و تابلۆی رەنگاوڕەنگ رازاندووەتەوە. مەبەستی هێمن تەنیا رازاندنەوەی شیعر نییە، بەڵکوو لە روانینێکی قووڵتردا، دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی و نواندنی کاریگەریی زانستی جوانیناسی لەسەر رواڵەت و ناوەرۆکی شیعری کوردی بووە. هێمن بە بیری ناسک و سۆزی مرۆڤانە و بەهرەوەرگرتن لە کەرەستەکانی جوانکاری (رازەکان)، وێنەگەلێکی شیعریی تاقانەی ئافراندووە کە لە ئەزموون و روانینی گشتیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.

وێنەی رەوانبێژی لە شیعری هێمندا هەڵقوڵاوی هەوڵی زەینی و تایبەتییە و چێژ و ورووژە و هەڵچوون بە خوێنەر دەبەخشێ.

خوێندنەوەی شیعرەکانی هێمن دەرخەری ئەو راستییەن کە هێمن بە بەهرەوەرگرتن لە زمانی شیعر، واتە زمانی ئافراندنی جوانی و خەیاڵ، سروشتی بەگشتی نوێ کردۆتەوە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

١. ئەحمەد ئەسوەد، نەوزاد (٢٠١٥). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس.
٢. ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٩٣). فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەی کوردی سۆرانی، زێوەری زمان. سنە: شەمیم سنە.
٣. سلیوە عیسا، هاوژین (٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس‌دا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٤. شێخەلئیسلامی موکری، سەید محەممەد (٢٧٠٨). دیوانی هێمن. سلێمانی: پەخشانگەی ئازادی.
٥. عومەر مستەفا، ئاسۆ (٢٠٠٩). بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر. دهۆک: چاپخانەی خانی.
٦. قارەمانی، جەعفەر (١٣٩٦). زانستی رەوانبێژیی ئەدەبی: بەشی یەکەم، جوانکاری. سنە: زانستگای کوردستان (توێژینگەی کوردستان‌ناسی).

### منابع فارسی

١. احمدی، بابک (١٣٨٠). حقیقت و زیبایی. تهران: نشر مرکز، چاپ پنجم.
٢. پورنامداریان، تقی (١٣٨١). سفر در مه تهران: نگاه. ویراست جدید.
٣. پرین، لارنس (١٣٧٣). درباره شعر. ترجمه فاطمه راکعی. تهران: امیرکبیر.
٤. خان‌محمدی، محمد حسین (١٣٨٤). علم بدیع (آشنایی با آرایه‌های سخن). قم: انتشارات امیرالمومنین.
٥. دیچز، دیوید (١٣٧٣). شیوه‌های نقد ادبی. ترجمه محمد تقی صدیقیانی و دکتر غلام حسین یوسفی. تهران: علمی، چاپ چهارم.
٦. شمیسا، سیروس (١٣٧٨). نگاهی تازه به بدیع. تهران: انتشارات فردوس.
٧. فشارکی، محمد (١٣٧٤). بدیع. تهران: نشر نیل.
٨. وزیری، علینقلی (١٣٣٨). زیبایی‌شناسی. تهران: دانشگاه تهران، چاپ دوم.
٩. همایی، جلال‌الدین (١٣٦٣). فنون و بلاغت و صناعات ادبی. تهران: نشر هما.